# ڕێنمایی ژمارە (١)

پاڵپشت بە بڕگەی (٨)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان و، بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیمانی هاوبەشێتی و گەشەپێدانی لە نێوان دەسەلاٌتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییە دەردەکات:

**یەکەم: ڕێنمایی دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ لیژنەی هاوبەش:**

١ـ لیژنەی هاوبەش لە (٢١) ئەندام پێك دێت، کە (٦) شەش ئەندامیان لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانن، (٦) شەش ئەندامیان لە دەمودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتن پلە و پایەیان نزمتر نابێت لە بەڕێوەبەری گشتیی، نوێنەرەکانی حکومەت لە وەزارەتەکانی (پلاندانان، ڕۆشنبیری و لاوان، پەروەردە، خوێندنی بالاٌ و، تەندروستی، کاروکاروباری کۆمەلاٌیەتی) دەبن و، (٩) نۆ کەسیان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانن.

٢ـ ئەو ئەندامانەی لیژنەی هاوبەش کە ئەندام پەرلەمانن، لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانەوە دەستنیشان دەکرێن کە ئەمانەن: لیژنەی (کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، پەروەردە و خوێندنی بالاٌ و توێژینەوەی زانستی، کاروباری تەندروستی و ژینگە، کاروباری کۆمەلاٌیەتی و منداڵ و خێزان، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر، مافەکانی مرۆڤ).

٣ـ لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان بۆ لیژنەی هاوبەش دەستنیشان دەکات.

٤ـ بۆ دەستنیشانکردنی یەکەم لیژنەی هاوبەش، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (دەزگای هەماهەنگی) بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئاگادارییەك بلاٌودەکاتەوە بۆ پێشکەشکردنی کاندیدەکان، هەروەها هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ داواکاری کاندیدەکان دەکەن و (٩) نۆ کاندید هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی لیژنەی هاوبەش، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتی پارێزگاکان و بوار و نوێنەرایەتی جێندەری.

دووەم: ڕێنمایی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کراوە:

١- هەر دوو ساڵ جارێك کۆبوونەوەیەکی کراوە بۆ تاوتوێکردنی جێبەجێکردنی پەیمانەکە و هەڵسانگاندنی کاری رابردووی لیژنەی هاوبەش و، گەشەپێدانی کۆمەڵی مەدەنی ساز دەکرێت.

٢- لە هەر خولێکی پەرلەمانیدا پێویستە دوو کۆبوونەوەی کراوە ئەنجام بدرێ، یەکەمیان لە دوو ساڵی یەکەم و دووەمیان لە دوو ساڵی دووەم.

٣- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی هاوبەشی پەیمانەکە لانی کەم مانگێك بەر لە وادەی کۆبوونەوە کراوەکە ئامادەکاری دەکات بۆ سازدانی کۆبونەوەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - هەر سێ لایەنی پەیوەندیدار لە پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوەکان دەبێ بە فەرمی ئاگادار بکرێنەوە و بەشداری بکەن لە دانانی ئەجێندای کۆبونەوەکە.

ب - ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەخوێندرێتەوە سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵی مەدەنی و هەڵسەنگاندنی بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکە.

ج - ڕاپۆرتی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان (دەزگای هەماهەنگی) دەخوێندرێتەوە سەبارەت بە جێبەجێکردن و پێویستییەکانی جێبەجێکردنی پەیمانەکە.

د - لیژنەی هاوبەش بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات بوار بە هەر لایەنێکی تری پەیوەندیدار بدات، بەپێی پێویست، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتیان بخوێندرێتەوە.

هـ - لیژنەی هاوبەش داوا لە پەرلەمان دەکات بۆ سازدانی کۆبوونەوەی کراوە.

و - لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بەرپرسیارە لە دابینکردنی پێویستییەکانی سازدانی کۆبوونەوەکە لە ڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٤- هەر کۆبوونەوەیەکی تری کراوە دەکرێ ئەنجام بدرێ لەسەر هەر بابەتێکی تر کە پەیوەست بێ بە پەیمانەکە، ئەمەش لەسەر داوای لیژنەیەکی پەرلەمانی یان لەسەر داوای (١٠) پەرلەمانتار بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**